- هەر ڕەوشتێک لەسەر حیسابی غەمگینکردن و خۆخنکاندنی ئارەزووە مرۆییەکان بێت، ئەخلاقێکی نامرۆڤانە و شایەستەی هەڵوەشاندنەوەیە. هەر مەعریفەتێک سەرچاوەی نەخۆشی و دڵتۆران بێت لە ژیان مایەی گومانە
- کە دایکەکان و ژنەکان و کچەکان و خوشکەکان غەمگین و کۆیلە و ترسنۆک و شەرمن بوون، بە کام ڕێوەر باوکەکان و مێردەکان و کوڕەکان و براکان ئازاد و بەختیار و ئازا و مرۆڤپەروەر دەبن؟

## گۆڕستانەکان بۆ هەمیشە لە باخچەکان ئاوەدانتر بوون

* سەیرەکە لەوەدایە کە سەدەها خەسڵەت و نەریت و نۆرمی کۆمەڵایەتی هەن کە لای ئێمە جوانن، کەچی لە جوگرافیایەکی دیکە ناشیرین و قێزەوەنن، پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە. ئەو جینۆسایدەی کە بە ناوی نامووسپەرستییەوە دەرهەق بە کچان و ژنان کراوە لەناو کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوین مایەی تێرامانە بۆ خۆی، چیرۆکی سەدەها کارەساتی خوێناوی دەگێڕنەوە، کە زۆریان بە تەنها واهیمە و گومانی نێرەوزەکان بوون، بە درێژایی مێژوویەکی زۆڵ و ناشیرین و دژە مرۆڤ و دژە مێ وەهمی شەرەف وا لە ناوگەڵی ژنەکان و کچەکاندایە، بەو مانایەی کە پیاوەکان هەرچی هەڵە و تاوان و دزی و فزی و خیانەت لە دونیادا هەن بیکەن لە ژیانی رامیاری و کۆمەڵایەتی و پیشەییدا، هیچ مایەی سەرسامی و نەنگی نییە، خاکفرۆشی و خەڵکفرۆشی ڕەوان، بە مەرجێک ژنەکانیان و کچەکانیان و خوشکەکانیان داوێن پاک بن، لەوێدایە عەورەتی ئەوان دەبن بە 'سێگۆشەی پەرمۆدا/ بێرمۆدا'* کە ئەگەری ئەوە هەیە کارەسات بنێتەوە، گوایە سێگۆشەی پەرمۆدا پاپۆر و مەلەوان و بگرە فڕۆکەکانیش قووت دەدات و هەڵیاندەلووشێت بۆ بنی زەریاکە و نادۆزرێنەوە.
لەوەتەی نامووسی پیاوەکان لە ناوگەڵی کچۆڵەکان و ژنەکاندا جێگیر بووە، بە هەزارەها کوژراون لە پای نەمانی پەردەی 'کچێنی'* کە دەکرێت ئەوەی کە دەرهەق بە هەزارەها لە کچان و ژنان کراوە ناوی بنێین کۆمەڵکوژی، هەر خودی بوونی ئەو پەردەیە لای دەیەها لە خەڵکانی دیکە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا مایەی شەرمە و بەڵگەی نەخۆشیی کچەکانە لە باری دەروونییەوە، هەڵبەتە ئەوەی لای تۆ مایەی شەرم و کارەساتە یان ڕەمزی پاکیزەییە، لای خەڵکانی دیکە ناوی ئازادی و خاوەندارییەتیی لەش و ڕۆحی خۆیەتی، مایەی ساغڵەمی و ئەوپەڕی جوانییە. بەکورتی لە دونیادا شتێک نییە ناوی ئەخلاقی ستاندارد و سەرتاپاگیر و یەک پێوانەیی و تاقانە بێت، 'باسکال' بڕوای بەوە هەیە کە ئەخلاقی ڕاستەقینە گاڵتەی بە ئەخلاقی باو و نەریتخواز و ترادسیۆنئامێز دێت.
هەر ڕەوشتێک خاوەنەکەی غەمگین و تووڕە و مۆن و کینەباز و ریاکار و شەرمن و ترسنۆک و شەڕانگێز بکات، شایەستەی ئەوەیە کە جێگەی گومانی تۆی مرۆڤ بێت و بخرێتەوە ناو مۆزەخانەی کەرەستە عەنتیکەکانەوە.
لە میانەی نووسینی ئەم پەرەگرافە تووڕە و غەمگینە بیرم لەوە دەکردەوە کە دوا جار 'پەردەی پاکیزەیی' کچانی زێدە خۆپارێز و داوێنخاوێنی وڵاتی من و هی ئەو دەرودراوسێیانە لە دوای مەرگیان بێجگە لە ژمارەیەک مشک و مار و گۆڕهەڵکەنە و کرمێکی بێ شوومار هیچی دیکە چاوەڕێیان ناکات، کە دوا جار ڕەنگە یەکێک لەو کرمانە پەردەی کچێنییەکەی بتەقێنێت، پەردەیەک کە یەکەمین سەرمایە و دوا سەرمایەی کچەکانە کە لە ڕۆحی خۆیان خۆشەویستترە و مەرجە وەک خەڵات

بیدەن بە مێرد و دڵدار و عاشقەکانیان، زۆر جاران ڕوایەکی وا لە لای ڕوادارەکان هەیە کە کچی شوونەکردە جێگای بەهەشتە، چونکە وەک جوانەمەرگ تەماشا دەکرێت، هەر لەبەر ئەوەشە کە 'کۆماری ئیسلامیی ئێران' نەریتێکی سەیری هەیە و لە ژمارەیەک وڵاتانی دیکەش پەیڕەو دەکرێت: کە ئەویش کچانی سزادراو بە سێدارە لە لایەن کۆمەڵێک پیاوەوە ئەتک دەکرێن، لە روانگەی ئەو ڕەوشتپەرستانە و بە ناوی ئایینەوە لاقەیان دەکەن و دەیانکەن بە ژن، بە تایبەت ئەوانەی سزای مەرگیان بەسەردا دراوە، بێ بن دەکرێن نەکا بەختی ئەوەیان هەبێت بچنە بەهەشت. ئاخۆ کام ڕوادارێک و هۆشمەندێک و مرۆڤێک کە بە راستی خودایەکی هەبێت کە ناوی موحیبەت بێت و مرۆڤ بە خەلیفەی یەزدان بزانێت، نەک خودایەک داتاشراو لە وێنەی پیاوێکی نەخۆش کە بە ناوی ئاسمان و پاکییەوە ڕەفتار دەکات، دەوێرێت نەک کارێکی وا نائادەمی و نەنگ بکات، بەڵکوو هێزی نایێت بە خەیاڵیش مەزەندەی بکات.. پەردەیەکی تەنک ئەگەری ئەوە هەیە کرمێک بیتەقێنێت یان لە بازدانێک و کەوتنە خوارەوە لە ڕێبلیکە یان لە پاسکیلێکەوە زامدار بێت، کەچی کچەی سزادراو بە ناوی چالاکوانی بەرەو لایەنێک، کە دەکرێت تەنها گومان و زمان لێدانی سیخوڕێکی نەخۆش بێت، مەرجە ئەتک بکرێت و ڕێگای بەهەشتی لێبگیرێت، هەڵبەتە چیرۆکەکان وا دەگێڕنەوە کە ئەو ئاهەنگە خوێناوییەی 'بێ بن کردنە' لەسەر دەستی چەند کەڵەگایەک گەرم دەکرێت..!

کچۆڵەی پاکیزە لە جەهەننەمدا دەژیا و هەر دەبێت لە دیدگای ئەو بە ناو خوداناسانە بچێتەوە دۆزەخ کە شایستەی جوانێکی وایە..گەشتێکە لە دۆزەخەوە بۆ دۆزەخ..لە تابووتێکەوە بۆ تابووتێکی دیکە.

پێم وایە هەر ڕەوشتێک لەسەر حیسابی غەمگینکردن و خۆخنکاندنی ئارەزووە مرۆییەکان بێت، ئەخلاقێکی نامرۆڤانە و شایەستەی هەڵوەشاندنەوەیە. هەر مەعریفەتێک سەرچاوەی نەخۆشی و دڵتۆران بێت لە ژیان مایەی گومانە. هەر فەلسەفە و فیکرێک پەرچەم و دروشمەکەی مەرگپەرستی بێت مەرجە ڕەخنەی لێبگیرێت، دیارە کە وەها ڕەوشتێکی نەنگ و ناشیرین لە کۆمەڵگایەکی سوننەتی و کۆنەخواز بەربەرینترین کیڵگەی بۆ گەشەکردن و نەشونوما دەست دەکەوێت. لێرە و هەنووکە مورید و دەروێش و پەیڕەوکەرانی مەرگدۆستی زیاترە لە ژمارەی ژیاندۆستەکان..تەمەنیشی دوور و درێژتر دەبێت لەوەی کە خۆشخەیاڵەکان مەزەندەی نەمانی دەکەن..کارگەکانی تابووتەکان لە گەڕدان و کووچەی دارتاشەکانیش زۆر ئاوەدانە.. هەموو ڕێورەسمێکی پرسەکانی دەوڵەمەند بە شیوەن و ماتەمگێری بەرکەماڵە.. گۆرستانەکانیش بۆ هەمیشە لە باخچەکان ئاوەدانتر بوون.

لە وڵاتی 'چین'ی کۆندا تا قۆناغێکیش بەر لە شۆڕشی ماو، بە هەزارەها ژن ناچار بوون پێی خۆیان لەناو پێڵاوی ئاسنیندا لە قاڵب بدەن تاوەکو بچکۆلە دەربکەون، دیارە زۆریان سەقەت دەبوون، چونکە جوانیی ئافرەت بۆ ئەوان لە دوو پێی زێدە چکۆلە بەرجەستە دەبوو، تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر لە خانمە پیرەکان بە دوو قاچی ناڕێک و شێوە شێواو ماون. بە هەمان ڕێودانگ لە هەندێک وڵاتی ئەفریقی ریزێک تەوق و بازنی ئاسنین دەکرانە گەردنی کچان تاوەکو ملیان درێژ بێت وەک ڕەمزێک بۆ جوانی، یاخود شۆڕ کردنەوەی سەنگێکی کەم قورسایی لەپێناو دروستبوونی لچی شۆڕ بۆ زیبایی ژنان.

پرسیاری سەرەکی ئەوەیە: ئاخۆ مرۆڤ کە بەسەر دوو ڕەگەزدا دابەش بووە، بە چ مافێک رۆحی نێرینەسالاری بە ناوی سەردەستەیی خۆی کە لە یاسا و ڕێساکانی

ئاسمانی یان سەرزەمینی قەرزی کردوون بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێت کە رەگەزەکەی بەرامبەری بچەوسێنێتەوە؟ ئەوەیان چ هارمۆنییەک بە پەیوەندیی نێوان مێ و نێر دەبەخشێت؟ لە ئاکامدا کە دایکەکان و ژنەکان و کچەکان و خوشکەکان غەمگین و کۆیلە و ترسنۆک و شەرمن بوون، بە کام پێوەر باوکەکان و مێردەکان و کوڕەکان و براکان ئازاد و بەختیار و ئازا و مرۆڤپەروەر دەبن؟ وەها ژیانێک هیچ جوانییەک بە خۆیەوە نابینێت، لە وەها گۆڕستانێکدا عیسا پەیامبەر واتەنی: مەگەر مردووەکان بۆ خۆیان مردووەکانی دیکە بنێژن. لە وەها ژینگەیەکی ناتەبا و نایەکسان و سەردەستە و ژێردەستە چاوەڕوانی هیچ رۆحێکی بڵند و شکۆمەند ناکرێت، کۆیلەدار لە خودی کۆیلەکە زەبوونترە، هەمیشە پاسەوانی زیندان لە بەندکراو  غەمگینترە و زۆرتر لە دڵەڕاوکێدا دەژی، بۆ هەمیشە لەوە دەترسێت زیندانییەکە لە دەستی رابکات، کەچی بەندکراوەکە لەگەڵ سزاکەی راهاتووە و بۆ هەمیشە ئومێدەوارە و چاوەڕوانە کە ئەگەری پەرجوویەک ـ موعجیزە ـ یەک لە ئایندەدا بێتە پێشێ و ئازاد بێت.

مرۆڤەکان گیرۆدەی ئەو بەرنامە و پرۆگرامانەن کە بەر لەوەی لەدایک بن وەک کارنامەی ژیان بۆیان ئامادە کراوە، لە زمانەوە تا روانین و رەوشت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و بگرە خودی ئەو مەزهەب و ئایدیۆلۆژیایەی کە بە ملیۆنەها شانازیی پێوە دەکەن کە هیچیان هەڵبژاردەی مەردوومەکان نین، هەتا جۆری ئەو جلوبەرگەی لەبەرمانە، هەر دیزانێک بێت، پێشتر ساز و ئامادەن. گۆڕینی هەر یەکێک لەم شتانە بەندە بەوەی ئێمە چەندە ئازادین، لە چ کۆمەڵگایەکی کراوە یان داخراودا دەژین، نەسرەوت و زیندوو یان خامۆش و مردەڵە و خۆخنکێن. ئاسوودە بە زیندانەکانی ناو رۆحمان، یان هار و بەلەسە و پەرژینشکێن، مات و مەلوول یان سەرکێش و بەلەنگاز. ئاخۆ بایی ئەوەندە خەیاڵزادە و هۆشمەند و ئازاین کە لەناو زیندان و تابووتەکانی ئەوانی دیکە بێینە دەرێ یان لەزەتی راهاتن و خۆبەدەستەوەدان بۆ هەتاهەتایە فریومان دەدات؟ بنیادەم زۆرتر لە مەلێکی چکۆلە دەچێت بە ناوی 'فنس' کە لە پۆلی هوزارەکان حیسابی بۆ دەکرێت، ئەو مەلە بەستەزمانە دوای مانەوەی چل رۆژ لە قەفەزدا بە جۆرێک ئاسوودە و ئاشنا دەبێت بە قەفەزەکەی خۆی، کە ئەگەر دەرگای قەفەزیش واڵا بێت، فنس ـ ی ئارام بە قەفەز ئامادە نییە بفڕێت، هەتا گەر قەفەزەکە ببرێتە ناو باخچەیەکیش، چونکە هەوای ئازاد دەیترسێنێت، مێژووی زیندەگیی ئێمە لەسەر زەوی خۆڕاهێنانە لەسەر مانەوە لە ناو قەفەزەکان و تابووتەکان و زیندانەکان کە هەر بە درۆ حەز دەکەین ناوی بنێین: ژیان.

هەڵبەتە لەوەدا دەزگا پەروەردەییەکان بەرنامەی تۆکمە و دامەزراویان ساز کردووە بۆ ئەوەی لە هەموو وانەکانی بە کۆیلەکردندا نەکەوین، بۆ ئەوەشیان ستافێکی چالاک لە باب و داک و مامۆستا و ئاخوند و قەشە و مەلا و ئەفسەر و سەرکردە و بنکردەی تێدەکەوێت و دەستبەکار دەبن، گرفتی ئەو هەموو کارەکتەرە لەوەدایە کە دەکەونە دەرەوەی گومان و پرسیار و لێپرسینەوە، بۆ هەمیشە خۆیان بە راست و پاک و هۆشمەند دەزانن، کچان و کوڕانی بەردەستیان بێجگە لە کەرەستەی خاو هیچی دیکە نین، یەکەمین وانەش بۆ فێرخوازەکان کوشتنی گومان و پرسیار و خەون و خەیاڵە. بینینی هەزارەها ژن و پیاوی ترسنۆک و شەرمن و گوێکەڕێڵە و بێ پرسیار و گومان سەیر نییە، هەر هەمووان پەروەردەی ئەو رۆحە کڵۆڵەی باوکەکان و مامۆستاکانن، دەرچووی قوتابخانەی ـ تووتی پەروەران ـ ی نموونەیی.

نۆهەد و نۆ دەرسەدی گەمژەکان بە زگماک گەمژە نین، بەڵکوو راهێنراون لەسەر ئەوەی عەقڵ تەڵاق بدەن و دەبەنگی بە دەستکەوت بزانن. لە کۆمەڵگەی ئێمەدا

هیچ شتێک لە بوونی عەقڵێکی ئازاد و ئازا ترسناکتر نییە، لە زارێکی پڕ لە پرسیار، لە سەرێکی پڕ لە گومان، لە رۆحێکی سەرچڵ، لە خەیاڵێکی باڵدار..لە خەونبینین!

**پەراوێز:**

* سێگۆشەی پەرمۆدا (یان) بێرمۆدا کە بە سێگۆشەی شەیتان ناسراوە و دەکەوێتە باکووری رۆژئاوای ئۆقیانووسی ئەتلانتیک، کە لە لای 'هێزی دەریایی ئەمریکی' دانی پێدا نەنراوە، ئەفسانەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە دەیەها کەشتی و فڕۆکەی قووت داوە. بۆ من مێتافۆرێکی خوازراوە کە وەک لێکچوونێک دێتە بەرچاوم و بەراوردێکە لە نێوان سێگۆشەی 'بێرمۆدا' و سێگۆشەی 'عەورەتی' ژن کە هەردووکیان بە ترس و بیم دەورە دراون، بەتایبەتی ئەوانەی کە فۆبیای سێکس ـ یان هەیە. پڕوام بە وشەی عەورەت نییە، بەڵام لەسەر ئاستی میللی وای پێدەوترێت کە هەڵگری مانایەکی ناجۆر و نائاسایی دەدات: ئاماژەیە بەو بەشەی کە مەرجە شاراوە بێت، بە گشتی لە ناوئاخندا و لەسەر ئاستی میللی مانای ناشیرینی دەبەخشێت، کە دیارە خودی کولتووری باو هەموو پارچە و ئەندامێکی ئافرەت بە عەورەت دەبینێت، بگرە هەندێک کەسی یەکسانیخواز بە وشەی ئافرەت ئاسوودە نین، چونکە رەگەکەی دەبەنەوە سەر وشەی عەورەت.

*ئەو کاتەی بۆ ماوەی ساڵێک لە 'فنلەندا' پەنابەر بووم، لە ئاکامی ئەلیرگییەکی کوشندە کە بەرامبەر بە تووکی سەگ و پشیلە هەمبوو، لە میانەی مانەوەم بۆ پشکنین لە بیمارستانێکدا ئاهەنگێکی خۆش و سووکەڵەی چەند خێزانێکم بینی، بە دەست و دیاری و خەنین و ساز و مۆسیقاوە لە دەوری چەندین کچی پارچەلە کۆ ببوونەوە، کە دواتر لەو یاوەرەی خۆم پرسی کە ئاخۆ گەرمکردنی ئاهەنگێکی وا بۆ ئەو کچۆلانە لە پای چییە؟ کچەکان هێشتا بایی ئەوەندە هەراش نەبوون کە باڵق بن، یاوەرەکەم بە خەندەیەکەوە وەڵامی دامەوە کە ئەو کچۆلانە نەشتەرگەریی پەردەی کچێنیان بۆ دەکرێت تا وەختی خوێن بینین هیچ ترس و ئازارێکی ئەوتۆیان نەبێت کە ببێت بە گرێ لە دڵ و دەروونیان، یان کە گەورەتر بوون و بە عیشقی کەسێک گیرۆدە بوون، دووچاری هیچ کێشەیەکی لابەلایی نەبن. هەڵبەتە ئەوەشم بیست کە کوران و کچانی تازە باڵقبوو بە ئاهەنگ و خۆشی پێشوازییان لێ دەکرێت.

هەر ئەو کاتە و بگرە زووتریش دەرکم بەوە کرد کە لە هیچ شوێنێک و جوگرافیایەکدا کە رێز لە مرۆڤ بگیرێت رەوشتی یەکڕەنگ و ستاندارد بوونی نییە، ئەوەی لای تۆ رەمزی پاکی و جوانییە، لای ملیۆنەها رەمزی رۆحی نەخۆش و ناشیرینییە.